هە‌رێم: بڵاوکردنە□و□ی دیمە□نی تێکشاندنی درۆنەکان لە ئاسمان یان پیشاندانی پاشماوەکانیان قەدەغەیە

فە‌رمانگە‌ی میدیاو زانیاریی سە‌ربە‌ حکومە‌تی هە‌رێم لە‌ راگە‌یە‌ندراوێکدا چە‌ند رێنمایيە‌ك بڵاودە‌کاتە‌وە‌و هۆشداری دە‌داتە‌ دە‌زکانی راگە‌یاندن کە‌ وێنەگرتن یان بڵاوکردنە□و□ی دیمە□نی تێکشاندنی درۆنەکان لە ئاسمان یان پیشاندانی پاشماوەکانیان قەدەغەیە.

فە‌رمانگە‌ی میدیاو زانیاریی دە‌شڵێت، دەرخستنی شوێنە بەئامانجگیراوەکان یان وێنەگرتنی دامە□زراوە سیادی و ئەمنييەکان دەستبەجێ دوای ڕوداوەکان قەدەغەیە.

هێمای بۆ ئە‌وە‌ش دە‌کات کە‌ هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن پابەندی ئەم ڕێنمایيانە□ ن□بێت یان بە شێوازێکی ناپیشەیی ڕوماڵی هەواڵەکانی شەڕ و پەلامارەکان بکات، دەستبەجێ لە لایەن دژەتیرۆری کوردستانەوە ڕوبەڕوی لێپیچینەوە و سزای یاسایی دەبێتەوە و رێکار□کانیش توند دە‌بن کە دەگاتە کێشانەوەی مۆڵەتی کارکردن یان داخستنی هەمیشەیی.

دە‌قی راگە‌یە‌ندراوە‌کە‌:

ڕاگەیەندراوێک لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری بە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن

بەهۆی ئەو بارودۆخە ئەمنی و هەستیارەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و سەقامگیریی هەرێم، فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئەم ڕێنمایی و هۆشدارییە کۆتاییانە ئاراستەی سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن (ناوخۆیی و بیانی) دەکات:

یەکەم: بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە زانیاری و نهێنییەکی سەربازی کە خزمەت بە نەیارانی کوردستان بکات و زیان بە ئاسایشی هەرێم بگەیەنێت، بە هەمو شێوەیەک قەدەغەیە.

دوەم: وێنەگرتن یان بڵاوکردنەوەی دیمەنی تێکشاندنی درۆنەکان لە ئاسماندا یان پیشاندانی پاشماوەکانیان قەدەغەیە، چونکە زانیاریی تەکنیکی و مەیدانیی هەستیار دەدات بە دوژمن.

سێیەم: دەرخستنی شوێنە بەئامانجگیراوەکان یان وێنەگرتنی دامەزراوە سیادی و ئەمنییەکان دەستبەجێ دوای ڕوداوەکان قەدەغەیە.

چوارەم: هۆشداری دەدەین کە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن پابەندی ئەم ڕێنماییانە نەبێت یان بە شێوازێکی ناپیشەیی ڕوماڵی هەواڵەکانی شەڕ و پەلامارەکان بکات، دەستبەجێ لە لایەن دژەتیرۆری کوردستانـەوە ڕوبەڕوی لێپێچینەوە و سزای یاسایی دەبێتەوە.

پێنجەم: بەرامبەر سەرپێچیکاران، ڕێکاری یاسایی و کارگێڕیی توند دەگیرێتە بەر، کە دەگاتە کێشانەوەی مۆڵەتی کارکردن یان داخستنی هەمیشەیی، بەپێی ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم لە ١٣ی ئاداری ٢٠٢٦.

داوا لە سەرجەم میدیاکاران دەکەین، بەرژەوەندییە باڵاکان لەبەرچاو بگرن و بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە بکەن.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری